Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

10.24271/jgu.2023.101013

# جۆرەکانی تۆپۆگرافیا لە شیعری کوردیدا

دیار فائق مجید ,ئەژین عادل عمر

بەشی زمانی کوردی, کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت,زانکۆی گەرمیان

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (جۆرەکانی تۆپۆگرافیا لە شیعری کوردیدا)یە، هەوڵدەدات لە چوارچێوەی چەمکی (تۆپۆگرافیا) و جۆرەکانی لە مێژووی شیعری جیهانیدا و بە لەبەرچاوگرتنی ژینگەی تایبەتی ئەدەبیاتی کوردی، چەمک و زاراوەی گشتی و تایبەتی زاراوەکە لە ڕەخنەی کوردیدا و پیشاندانی جۆرەکانی تۆپۆگرافیا لە شیعری کوردیدا بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە, هەروەها لە توێژینەوەکەدا میتۆدی شیکاریی وەسفی و هەڵبژاردنی دەق پەیرەو کراوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەر و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، تەوەری یەکەم لەژێر ناونیشانی (تیشکێک بۆ سەر تۆپۆگرافیا)یەو تەرخانکراوە بۆ ناساندنی چەمک و زاراوەی گشتی و تایبەتی تۆپۆگرافیا، لەگەڵ مێژووی تۆپۆگرافیا لە ئەدەبیاتی ئەورووپی و عەرەبی و کوردیدا، بەبەڵگەی ئەو دەقانەی دەچنەوە سەر مێژووی تۆپۆگرافیا. تەوەری دووەم، لەژێر ناونیشانی(جۆرەکانی تۆپۆگرافیا لە شیعری کوردیدا)یە و تێیدا بەپێی قۆناغە مێژووییەکانی شیعر جۆرەکانی تۆپۆگرافیا دەستنیشان کراوە بە نموونەی شیعری شاعیرانەوە. لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانەمان خستووەتە ڕوو کە توێژینەوەکە بەدەستی هێناون.

***Article Info***

Received: October, 2022

Revised: December, 2022

Accepted: April, 2023

***Keywords***

تۆپۆگرافیایی شیعر، شیعری نوێ، جۆرەکانی تۆپۆگرافیا، مێژووی تۆپۆگرافیا

***Corresponding Author***

diyar.farq@garmian.edu.krd

## پێشەکی

شیعر یەکێکە لە چەشنە دێرینەکانی ئەدەب و هەڵگری چەندین تایبەتمەندی و ڕەگەزە، کە جودای دەکاتەوە لەسەرجەم چەشنەکانی دیکەی ئەدەب وەکو (چیرۆک، ڕۆمان، شانۆ،...). هاوکات یەکێکە لەو ژانرانەی لە مێژووی هەبوونیەوە دەرگاکانی داهێنان و ئەفراندنی نوێی لە خودی خۆیدا بەکراوەی بەجێهێشتووە و بووەتە جێگەی کۆکردنەوەی سەرجەم ژانرەکانی دیکەی ئەدەب؛ ئەوەش وایلێکردووە لەناو ئاخنیدا چەندان ژانری دوو ڕەگ و ڕەنگاو ڕەنگی دیکەی لێ بەرهەم بهێنرێت، لەوانە(پەخشانە شیعر، شیعری شانۆی، شیعری کۆنکریتی،...)کەهەر یەکێک لەو ژانرانەش خودانی چەندان ڕەگەزی جیاوازن، تۆپۆگرافیاش یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە لەسەرجەم چەشنەکانی شیعر دەورێکی باڵای هەیە، چونکە تۆپۆگرافیا یەکێکە لەسیماکانی شیعر کە لەگەڵ پێشکەوتنی مێژووی قۆناغەکانی شیعردا گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، چەندین جۆری جیاوازی لێ پەیدا بووە. مەبەست لە تۆپۆگرافیاش شێوە و وێنەی دارشتن و نمایشی پیت و وشە و هێمایە لەسەر سپیایەتی لاپەڕە. شیعری کوردیش هاوشێوەی ئەدەبیات و شیعری جیهانی چەندین قۆناغی نوێبوونەوەی تێپەڕاندووە، کە هەر قۆناغێک هەڵگری کۆمەڵێک ڕووخسار و فۆرمی جیاوازە. لەو ڕوانگەوە چەندین جۆر لە تۆپۆگرافیایی شیعری هاتووەتە ئاراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمک و زاراوەی گشتی و تایبەتی تۆپۆگرافیا و مێژووی ئەم سیمایەی شیعر لە ئەدەبیاتی ئەورووپی و عەرەبی و کوردیدا، هەروەها پیشاندانی دیارترین جۆرەکانی تۆپۆگرافیا لە قۆناغە مێژووییەکانی شیعری کوردیدا.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

گرنگی تۆپۆگرافیا وەکو یەکێک لە سیما بنەڕەتییەکانی بنیاتنانی شیعر هاوشانی سەرجەم سیماکانی پیشاندانی ڕووخساری شیعر، هەروەها بوونی چەندین شێوە و جۆری جیاواز لە تۆپۆگرافیا هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکەمانە.

میتۆدی لێکۆڵینەوە:

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە میتۆدی شیکاری وەسفی و هەڵبژاردنی دەق بەپێی پێویستی توێژینەوەکە.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

گرفتی لێکۆڵینەوەکە بە پلەی یەکەم ئاڵۆزی خودی زاراوەکان، بەوەی ئەم زاراوەیە لە ڕێی زمانە ڕۆژئاواییەکان و بەتایبەت زانستی جوگرافیاوە هاتووەتە نێو زمانی کوردی و شیعر بەتایبەتی. زاراوەکان لە خودی زمانە ڕەسەنەکانیش هەڵگری کۆمەڵێک ئاریشە و ئاڵۆزین، چونکە تێکەڵ بە زانستەکانی جوگرافیا و فۆتۆگرافیا دەبن، ئەمەش وایکردووە لەکاتی بەدوادا گەڕان ماندووبونێکی زیاتر ڕووبەڕووی توێژەر ببێتەوە، ئەم بارەش لە هەمان کاتدا بووە بە گرفت و هەروەها هاندەر بۆ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە، بەم شێوەیە تەوەری یەکەم بە ناونیشانی (تیشکێک بۆ سەر تۆپۆگرافیا)یە و تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی زاراوەی گشتی و تایبەتی و چەمک و مێژووی تۆپۆگرافیا لە ئەدەبیاتی ئەورووپی و عەرەبی و کوردیدا، تەوەری دووەم، لەژێر ناوی (جۆرەکانی تۆپۆگرافیا لە شیعری کوردیدا)یە و تێیدا بەپێی قۆناغەکانی شیعری کوردی جۆرەکانی تۆپۆگرافیا خراوەتە ڕوو ، بەنموونەی شیعری شاعیرانەوە. هەروەها لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان و سەرچاوەکان و کورتەیەک لە توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەنەتەڕوو.

**تەوەری یەکەم: تیشکێک بۆسەر تۆپۆگرافیا:**

**زاراوەی تۆپۆگرافیا:**

تۆپۆگرافیا زاراوەیەکە سەر بە زانستی جوگرافیایە، بەڵام لە ڕووی خوازە (میتافۆر) ییەوە هاتووەتە نێو دونیایی شیعر، بۆیە بۆ ناساندنی زاراوەکە دەبێت هەردوو زاراوەی بنچینەی و میتافۆرییەکەی بخەینەڕوو:

لە بنچینەدا تۆپۆگرافیا وشەیەکی لێکدراوە و لە یەکگرتنی دوو وشە پێکهاتووە، لەو ڕوانگەوە دەوترێت کە "زاراوەیەکی یۆنانییە، لێکدراوی دوو وشەیە کە( TOPOS ) بەمانای شوێن دێت و (graphic)یش بە مانایی شێواز و ڕێگەی وەسفکردن دێت، یاخود تۆپۆگرافیا بەمانای وەسفکردن یان گوزارشتکردن یان وێنەی ورد(دەقاودەق)ی شوێنێک دێ"(نبهان، ۲۰۰۸،۱۳۲).

لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەرە بە وشەی" طوبوغرافیا (Topography)، کە لەبواری جوگرافیادا بەکاردێت؛ بۆ گوزارشتکردن و وەسفی شوێنەکان بۆ هەر بەشێکی ڕووی زەوی، هەروەها ئەو شتانەی کە بەهۆی چالاکی مرۆڤەوەیە(بینا، کێڵگەکان،..تاد" (الطفيلي، ۲۰۰۲،548)،

لەزمانی کوردیشدا بە تۆپۆگرافیا "(غەفور، ۲۰۰۵، ۲۵)،یان " تۆبۆگرافیا" (محمد، ۲۰۱٤، ٥٨)هەروەها "تۆپۆگراڤی" (کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، ۱۹۹۸، ٥٧) کە بەمانای زانستی لێکۆڵینەوەی بەرزی و نزمی ڕووبەرێکی زەوی دێت .

لە ڕووی زاراوەی میتافۆریشەوە لەهەر زمانێکدا بەچەند شێوە و مانایەک لێک دەدرێتەوە، بۆنموونە لە زمانە ئەورووپییەکاندا بە "Calligraphy" (omferas.com )و " و "Imagist و Visual و Optic "(پیربال،۲۰۲۱،۱۱٦)ئاماژەی پێدەدرێت، کە سەرجەم ئەم زاراوانەش گوزارشت دەکەن لە زاراوە و چەمکی تۆپۆگرافیایی شیعر.

لە زمانی عەرەبیدا وشەکە بە چەند شێوەیەک ئاماژەی پێدراوە وەکو" المرئي(بینراو)، المشاهد( بینەر) التشكيلي(پێکهاتەی)، عيني (چاوی)، المنظور( تێڕوانین " (قاموس المعاني) یاخود "البصري((بینراوی )، الشعر الملموس(شیعری بەرجەستە "(یاکوبسن، ۱۹۸۸، ۱۹۲) یاخود" اطار النص(چوار چێوەی دەق)، التشكيلي المعماري(پێکهاتەی تەلارسازی )، صوره التشكيلة (وێنەی پێکهاتەی)" (سعدوني، ۲۰۱٦، ۱٥٥).

لەزمانی کوردیشدا بە گەلێک ناوهێنان و مانا گوزارشتی لێوە دەکرێت؛ یان بەجۆرە شیعرێک ناو دەبرێت کە وێنە و نواندن ڕۆڵی باڵایان هەیە لە پەیدا بوونیان، هۆکاری ئەمەش لەو جۆرە شیعرانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە چەشنەکانی شیعری هاوچەرخ دەرکەوتوون و زیاتر لە وێنە نزیک بوونەتەوە، لەوانە: "شیعری وێنەیی Pictorial Poetry، یان شیعری کۆنکریتی Concrete Poetry"(پیربال، ۲۰۲۱، ۱۱٦)، یاخود بە "شیعری بینراو " (گەنەبۆیی، ۲۰۰٤، ٧٤)، یان سپییەتی و ڕەشییەتی "(ئەحمەد، ۲۰۱۳، ۲۱۳)ناودەبرێن.

**چەمکی تۆپۆگرافیا:**

لەڕووی چەمکەوە تۆپۆگرافیا "بریتییەلە لێکۆڵینەوە لە شێوەکانی ڕووی زەوی لەڕووی پێکهاتن و دابەشبوونی جوگرافی و بەرزیبان و درووستبوون و کارییگەرییان، وە یەکێکە لەئەرکەکانی زانستی جوگرافیایی سرووشتی" (محمد،۲۰۱٤، ٥٧)،کەوایە تۆپۆگرافیا زاراوەیەکی زانستی جوگرافییایی سروشتییە، و مەبەست لێی تەواوی ڕووە جیاواز و تایبەتەکانی پارچەیەکی زەوییە یان ڕووبەرێکی دیاریکراوە بە هەموو تەرزێکەوە، یان بە واتایەکی دیکە تۆپۆگرافیا "هەموو ئەو شتانە

دەگرێتەوە کە لەسەر نەخشە ئەم سێ ڕەهەندەیان هەیە (درێژی ، پانی و بەرزی"(نبهان، ٢٠٠٨، ٢٣٢) ئەمەش مەبەست لە چەمکی گشتی تۆپۆگرافیایە.

بەڵام لە ڕووی میتافۆر(خوازە)ییەوە؛ کە مەبەست لە چەمکی تۆپۆگرافیا شیعرییە ئەوا دەکرێت بڵێین تۆپۆگرافیا لە مەیدانی ئەدەب و هونەر و بەتایبەتیش لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا، پەیوەستە بە گەشەکردن و دەرکەوتنی ئەدەبی نوێوە، زاراوەیەکی خوازراو یاخود میتافۆریی(خوازە) ییە، چونکە " وشەکە لەزانستی جوگرافیاوە سودی لێ وەرگیراوە و پەڕیوەتەوە نێو ئەو خوێندنەوانەی کە بۆ شیعر دەکرێن و وەک تێمەیەک بۆ دەستنیشانکردنی شێوە و چۆنییەتی پەرشکردنی پیت و وشەکان بەناو لاپەڕەکاندا" (خلیل،٢٠٢٠، ٤٢٠)بەکارهاتووە.

ئەم زاراوەیە لە بواری ئەدەبدا و بەتایبەتیش لە بازنەی جیاکردنەوەی چەشنە ئەدەبییەکاندا (شیعر ،پەخشان)، بە مەبەست و واتایی میتافۆری و خوازەیی(ڕەمز، هێما) بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی ببێتە خێوەتێک سەرجەم شێوەی نووسینی جۆرەکانی شیعری تێدا جێگە ببێتەوە.

واتا وەکو چۆن تۆپۆگرافیا لە بواری جوگرافیدا نەخشەی دەقاوقی بەرزی و نزمی ڕووی زەوییەکی دەگرتەوە، لەڕووە میتافۆرییەکەشییەوە لە بواری ژانری شیعردا" وێنەی سەرجەم پیت و وشە و ڕستەو دێڕی شیعر لەخۆدەگرێت لەسەر چوارچێوە و ڕووبەری گشتی سپێتی لاپەڕە" ( مراد ، ٢٠٢١)بەم تەرزە تۆپۆگرافیایی شیعر " شێوازی نووسین و جۆری پیت و ڕووبەری لاپەڕە و بەرگ و نەخشەسازی جوانکاری لەبەرهەمدا دێت، نەک کاکڵەی بەرهەمەکە" (ئیسماعیل، ٢٠٠٥، ٤٢).

یاخود بە مانایەکی دیکە" دابەشبوونی ڕەشاییەکانە بەسەر ڕووبەری سپیدا، واتە دابەشبوونی بارستاییە ڕەشەکان (خەتەکان و حەرفەکان..)بەسەر کاغەزی سپیدا" (پیرباڵ، ٢٠٢١، ١١٣)،یان دەوترێت" شیعر بە پێنووسێکی ڕەش دەکێشرێت لەسەر پەڕەیەکی سپی و وشەکان دەرژێنێتە سەر پەڕە سپییەکە بۆ ئەوەی شێوە گەلێکی ئەندازەی پێکبهێنێت کە ڕەهەندی پێکهاتەی بینین(التشكیل البصری)ی هەیە"(فتوح، ٢٠١٧، ٢٧٩)، لەم ڕووەوە داگیرکردن و جێگەگرتنی چوارچێوە یاخود ڕووبەری سپێتی لاپەڕە، لەلایەن ئەو نووسینانە یان ئەو ڕەشێتی و نەخشەیەی کە نمایش و نواندنی بەرهەمی نووسەر دەکەن بە سەرجەم نیشانەو وێنە و خاڵبەندییەکەوە لەسەر ڕووخساری لاپەڕە.

هەر بۆیە دەوترێت" تۆپۆگرافیا یەکێکە لە ئەدگار و خەسڵەتەکانی شیعری نوێ کە مەسەلەی چۆنیەتی دابەشبوونی نووسین لەسەر ڕووی لاپەڕە نیشان دەدات"(دەشتی، ١٣٩٧، ص١٤٤)، بەم چەشنە بووتە یەکێک لە دیارترین سیماکانی شیعری نوێ و بەم تەرزە ئاماژەی بۆکراوە کە" یەکێک لەو دیاردە شیعرییانەی کە لە شیعری نوێدا دەرکەوتووە دیاردەی گۆڕانی تۆپۆگرافیایی شیعرە، واتە گۆڕانی ستایڵی دابەشبوونی وشەکان بەسەر لاپەڕە،"(ئیبراهیم، ١٢٤،٢٠١٢).

یاخود دەوترێت " یەکێک لە خاسیەتەکانی شیعری نوێ بریتییە لەم دابەشبوونە تازەیەی کۆپلە و بڕگە و دێڕەکان بەسەر ڕووبەری لاپەڕەدا ، واتە گۆڕانی تۆپۆگرافیای تێکستی شیعری. ئەم گۆڕانکارییەش کە بەسەر لایەنی ڕووخسار و شێوەی شیعری سەرەتای سەدەی بیستەمدا هاتووە"(پیرباڵ، ٢٠٢١، ١١٥) بەدڵنیاییەوە بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک ژانری دیکە لەناو شیعردا کە ئاوێزان دەبن بەچەشنەکانی دیکەی ئەدەب بەم چەشنەش قۆناغی گۆڕانکاری تۆپۆگرافیای شیعری کوردی دەگەیەننە لووتکەی جیاوازی و مەیدانی ئەو ڕووخسارە لە جیهاندا.

لەو ڕووەشەوە سەبارەت بە پەیوەندی و نزیکایەتی نێوان شیعر و هونەرەکانی دیکە دەوترێت کە " لێکبەستنی توخمەکانی وێنە و شیعر، یان تەقاندنەوەی هێزە شاراوەکانی نیگار لەناو شیعر دا، کە لەئاکامدا بووە هۆی گۆڕانی ڕووبەری تێکست و ڕووخساری ئەو لاپەڕەیەی شیعرەکەی لەسەر دەنووسرێ" (پیرباڵ،٢٠٢١، ١١٥)، هەر ئەم ئاوێزانکردنەی شیعریش بە هونەرەکانی دیکەی ئەدەب بنچینەی لەدایکبوونی چەندین چەشنی هەمەڕەنگی شیعرین، هەروەها ئەم ژانرە نوێیانەی شیعریش بێگومان هەڵگری بەش گەلێکن لە ڕەگەزەکانی هەردوو ژانرەکە، ئەم لێکئالان و بەرهەمە نوییەش بووە هۆکاری گۆڕانکاری لە فۆرم و ڕووخساری گشتی شیعردا .

**مێژووی تۆپۆگرافیایی شیعر:**

لە هەر نەتەوەیەکدا کاتێک هزر بۆ نووسینی شیعر پەیدا بوو، شاعیر ویستی ئەم هزر و سۆز و هەڵچوون و تایبەتمەندییانەی بپارێزێت، لەو کاتەدا پەنای بردووەتە بەر تۆمارکردنی، جا ئەم تۆمارکردنە لە ڕێگای هەر کەرەستەیەکەوە بوویێت کە دەقەکەی لەسەر نواندبێت، بێگومان لەکاتی نووسینەوەیدا ئەو شێوەی وێنە و ڕەمز و هێما و پیت و دێڕانە بە جۆرێک لە جۆرەکان کە تایبەت بووە بەخۆی؛ ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە، کە چۆن ڕیزکردن و لێکبەستنی ئەو تایبەتمەندییانە؛ کە بۆ نمایشی شیعرەکەی پشتی پێ بەستووە، لەسەر ئەو ماددەیەی کە تیایدا تۆماریکردوون، وێنەیەکی سازکردووە، ئەو وێنەیە کە ڕووبەرێکی لەسەر چوارچێوەی ئەو مادەیە داگیر کردووە، ئەو ڕووبەرە داگیرکراوە بە وێنە و وشە، مێژووی لە دایکبوونی تۆپۆگرافیایی شیعر دەخاتە ڕوو.

کەواتا لە هەر نەتەوە و زمانێک یەکەم دەقی ئەدەبی و بە تایبەت دەقی شیعر کە گوازرابێتەوە بۆ تۆمارکردن و نووسین، چەمکی تۆپۆگرافیاش لەو کاژێرەوە دێتە بوون، ئەمە وەکو هەبوونی دیاردەکە، لەو ڕوانگەشەوە کە شیعر بە کۆنترین ژانری ئەدەبی هەژمار دەکرێت، بەم تەرزە مێژووی تۆپۆگرافیا گەلێک دێرینە و هاوتەمەن و هاوزەمەنی مێژووی شیعرە، بەڵام وەکو هەستکردن و دەرکەوتنی دیاردەکە و ناوهێنان و ئاشنا بوون بە

زاراوەکەی نوێیە و لە هەر نەتەوەیەکدا مێژووەکەی جیاوازە، بێگومان بوونی ئەم دیاردەیە و نەش و نماکردنی وابەستەیی سەربەخۆیی و ئازادیی ئەدەبە لە تەواویی کۆت و پێوەندەکانی.

لە ئەدەبی ئەورووپی و سەرجەم ئەدەبیاتی جیهان هەنگاوی ئازادیی ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێبازانەی کە ئامانجیان خودی هونەر بووە، یاخود "ئازادی زاتییەت و ئازادی داهێنان و دەربڕین "(ئیبراهیم،٢٠١٢، ٢٣) بێگومان ئەم بیر و ڕایانەش لە ئەورووپا دوای پووکانەوەی کلاسیک و دەرکەوتنی ڕۆمانسیزم کاری لەسەرکراوە، لەم ڕوانگەشەوە دەوترێت:" هونەر بەوە لە سەنعەت جیا دەکرێتەوە کە ئازادە ، بەڵام پیشە هونەرێکی دروستکراوە" (الصباغ،٢٠٠٢، ٥٩)، دواتر بەهاتنی ڕێبازەکانی دواتر بەتایبەت ڕێبازەکانی (پەرناسی، سیمبولیزم)کە ئەو ڕێبازانەبوون کە ڕێچکەی هونەر بۆ هونەریان دەگرت و بەلای لایانگرانیانەوە هونەر خودی ئامانج بوو نەوەکو ئامراز وە پێیان وابوو " هەر هونەرمەندێک بیر لە شتێکی غەیری جوانی بکاتەوە هونەرمەند نییە، هەر بۆیە ناوەڕۆک لای ئەوان هێندە گرنگ نەبوو، بەڵکو شێوە و تەکنیک و جوانی ڕووخسار و دەربڕین لە پێش هەموو شتێکەوە بوو(پیربال، ٢٠٢١، ١٤٧)، دەبینین لەم بارەیەوە (جاکوب کورك Jacob cork) لەبارەی تۆپۆگرافیایی شیعری ڕۆژئاواییەوە دەڵێت:" پیتی تۆخکراو، و شێوازی چاپکردنی دەق و شێوەی نووسین لەم جۆرە ئەزموونە ڕۆڵیان هەبووە، و (مالارمێش) یەکێک بووە لەو نووسەرانەی گرنگی بە تایبەتمەندی فیزیکی نووسین داوە، لەگەڵ ڕێکخستنی شێوەی وشەکان و وێنەی پیتەکان و نووسینەکان لەسەر کاغەز، هەروەها گرنگیدان بەبوونی بۆشایی لەسەر کاغەز" (الصفرانی، بدن سنە، ١٧٢،١٧٣).

بەهاتنی سەرەتایی سەدەیی بیستەم و ئەو باروودۆخە ناهەموارەی جیهانی تێکەوت بەهۆی شەڕی نەگریسی گێتییەوە، کە هیچ نرخ و بەهایەکی بۆ ژیان و مرۆڤایەتی نەهێشتبووەوە، بووە هۆکاری وەڕزبوون و یاخیبوونی شاعیران لە هەموو پێوەر و بەهایەک، بۆیە ئەم باروودۆخە وایکرد هاوشانی سەرجەم تێکشانی پێکهاتەکانی ژیان و کۆمەڵگا، ڕێگە و دیدگای شاعیرانیش لە شوێنی خۆیدا نەمایەوە و بەم چەشنە چەند ڕێبازێک دەرکەوتن کە تەنها بایەخیان بە فۆرم و ڕووخسار دەدا کە بە (فۆرمخوازان)ناودەبران وەکو (کوبیزم, دادایزم، سوریالیزم)، کە بە ڕێبازیی بێ ڕێبازیی ناویان دەرکردبوو:

- (کوبیزم(Cubism): ئەو ڕێبازە بوو کە لەگەڵ نیگار کێشان پەیوەندی هەبوو، پێک هاتبوون لە کۆمەڵێک نیگارکێش کە تەواوی چواردەوری خۆیان لە بوونەوەر و کەرەستەکان بە شێوە ئەندازەییەکان پیشان دەدا، ناودارترین نیگارکێشی کوبیسی (پابلۆ پیکاسۆیە)، هەروەها گیوم ئەپۆلێنێر، لەم ڕێبازەدا دەستپێکی ئەفراندنی شیعری شێوەیی بە وشە دەردەکەوێت، کە دواتر بە شێوازی وێنە شکڵی شیعر بە وشە هاتە ئاراوە و لەو ڕووەشەوە گیوم ئەپۆلێنێر کە دواتر بووە پێشەنگی سوریالیزم دەستی باڵای هەیە لە شیعری وێنەیی وەکو " شیعری شێوە درەختی و شێوە هەڵگەڕاوەی هەیە (ئاوێنە ، بۆینباخ،کاتژمێر )شاعیرێکی کوبیستە" (حوسێن،نازم،٢٠١٨، ٢٦٦)





(عەبدولرەحمان، ٢٠١٢، ١٤٣)

لوتکەی گۆڕانی ڕووبەر و ڕووخساری شیعر لە ڕێبازی کوبیزمەوە دەست پێدەکات کاتێکیش ئەم ڕێبازە لە ناو دەرکەوتنی ڕێبازەکانی دادایزم و سوریالیزم دەتوێتەوە ئەم گرنگی پێدانەی فۆرم و دەرکەوتنی شیعری شێوەی و بایەخی ڕووخسار و وەلاوەنانی ناوئاخنی دەق، گۆڕانی تەواوەتی لە ڕووبەر و ڕووخساری شیعر هێنایە ئاراوە بە جۆرێک هیچ یاسایەکی شیعر جێگەی بەخۆیەوە نەگرت، چونکە زۆربەی هونەرەکان تێکەڵ بەیەک بوون و فۆرمی شیعر لەیەک شێوە و بینیندا نەمایەوە.

**دادایزم(Dadaism):** وەکو " یەکێک لە کاردانەوەکانی هونەرمەندان لە بەرامبەر جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨)لە سویسرا و ئەمریکا کە دووره پەرێز بوون لە هەردوو جەنگە کە هاتە کایەوە" (حوسێن، نازم، ٢٠١٨، ٢٦٧)،کە بە لایانەوە شیعر تەنها پێکدەهات لە پارچەیەکیی زمانی و بەدەر بوو لە مانا و ناوەرۆک، و لەوڕوانگەوە دەوترێت" هەرگیز گۆڕانێکی گەورە و گشتگیر وەکو گۆڕانی دادا و سوریالیەکان بەسەر شیعردا نەهاتووە، گۆڕانێک کە تەنانەت نرخی بۆ ڕێزمان و ڕیزبەندی کەرەستە زمانیەکانیش نەهێشت "( ئیبراهیم، ٢٠١٢، ٢٧)،چونکە بە ڕێگە و شێوازی سەیر و سەمەرکە پشتی بە ڕێکەوت دەبەست مامەڵەیان لەگەڵ کەرەستەکانی زمان دەکرد بۆ هۆنینەوەی شیعرەکانیان بۆ نموونە یەکێک لە پێشەنگانی ئەم ڕێبازە کە (تریستیان تزارا)یە، کە پێی وابوو گوزارشت چەند زیاتر گاڵتەجاڕ و بێ واتا بێت زۆرتر پەسەندتر و سەرنجراکێشترە، بۆیە بە هەموو شێوازێک لە هەوڵدا بوو بۆ تێکشاکانی زمانی شیعریی و ڕەگەز و بەها شیعرییەکان، بۆیە سەبارەت بە سەرەتاکانی گۆڕینی تۆپۆگرافیای شیعری لە ئەدەبیاتی جیهاندا(طراد الکبیسی) دەیبەستێتەوە بە " پەیدابوونی شەپۆلی دادایزم ) لە ئەورووپا لە نێوان ساڵانی

(١٩١٦- ١٩٢٢) هەروەها پەیدابوونی شەپۆلی (سوریالیزم)"(شنگالی، ٢٠٠٦، ٢١٨)جگەلە دەرکەوتنی شۆڕش و بزووتنەوەی فۆرمخوازی ڕووسی کە "لە ماوەی ساڵانی (١٩١٥ تا ١٩٣٩٠) پەیدا بوو، ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە پێداگیرییان لەسەر زمانی شیعر و سەربەخۆی دەق ئەدەبی دەکردەوە، دیارترین ڕابەرانیان وەکو ڤیکتۆر شیکلۆفسکی ،ڕۆمان یاکۆبسن، گریگۆری ڤینگۆر، تۆما شێفسکی"(مەنتک،٢٠١٨ ، ٨٦) کەدواتر بەسەر دوو قوتابخانەدا دابەشبوون (مەنتک، ٢٠١٨، ٨٦،٨٧).


**سوریالیزم** : گیوم ئاپۆلۆنێر، توانی بۆ یەکەم جار بەنووکی خامەی خۆی وشەی سوریالیزم دابهێنێت، ئامانجیشی لەم کارە ڕزگار بوونی شیعر بوو بەدابڕانی لە هەر جۆرە پەیوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان وشەکان و دەربڕینەکاندا، جگە لەوەی خاوەنی چەندین هەنگاوی نوێ بوو لە " بڵاوکردنەوەی جۆرە شیعرێکی وێنەیی بوو(شعر مصور) بەناوی (قەسیدەی ئەسپ)لەساڵی(١٩١٥)، کە کاری لەسەر پێکهاتە و چوارچێوە و بۆشایی لاپەڕە کردبوو لەگەڵ چۆنیەتی دارشتنی دەقەکە، بەشێوەیەک پیتەکانی دەقەکەی بە شێوەی ئاژەڵان دارشتبوو ، کە دواتر ئەم شێوە شیعرە لە فەرهەنگی زاراوە ئینگلیزییەکاندا بە Calligraphy ناوی دەرکرد " (منتديات فرسان الثقافه، omferas.com)



قەسیدەی ئەسپی ئەپۆلێنێر

**-مێژوویی تۆپۆگرافیایی شیعری عەرەبی:**

سەبارەت بە دیاریکردنی سەرەتای دەرکەوتن و مێژووی پێکهاتەی بینین و شیعری وێنەی (الظاهر التشكيليةو الرسم بالشعر)لە ناو شیعری عەرەبیدا ئاماژەبە چەند سەرچاوەیەک دەدرێت لەوانە "دیاردەی پێکهێنانی بینین (التشكيل البصرى) دیاردەیەکی کۆنە لەشیعری عەرەبیدا، و مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە بۆ سەرەتای هاتنی ئەندەلوس دەگەڕێتەوە، کە چەند هەوڵێکی تاک لایەنە دراوە بەڵام سەر کەوتوو نەبوون، لەوانە هەوڵەکانی (الموشحات)،کە نووسینی شیعرە لە شێوەی (دار یاخود گووڵ)..هتد، دواتر پاش ڕووخاندنی دەوڵەتیی عەباسی و بەتایبەت لای فاطمییەکان و پیاوانی تەریقەتی سۆفیگەری چەند هەوڵێک دەبینرێت، دواتر گواستنەوەی شیعری عەرەبی لە کلاسیکەوە بۆ شیعری سەربەست و پەخشانە شیعر، ئەم گۆڕانکارییە لەسەر ئاستی شێوە کۆمەڵێک گۆڕانی بە دوای خۆیدا هێنا لەسەر ئاستی ناوەن، کە کۆمەڵە هەوڵێکی کۆن بوون بۆ سەرهەڵدانی پێکهێنانی بینین (التشكيل البصرى)، لێرەشەوە جۆرە شیعرێک دەرکەوت کە پێی دەووترا شیعری ئەندازەی(الشعر الهندسى)،کە لە شێوە ئەندازەییەکانەوە وەرگیراوە، وەکو (بازنە، سێگۆشە، چوارگۆشە وشەشپاڵو(المعين)، بەڵام هەندێک پێیان وایە ئەم ناوە نادروستە، چونکە یەکێک لە داهێنانەکانی شێوەکانی شیعری کۆن لەسەر شێوەی (مشجرات ) و(المخلعات)بووە، جگە لەم ناوانەش فاطمیەکان ناوێکی تریان لێنابوو، بەناوی شیعری کێشراو(المرسوم) وەهەندێکیش بە قەسیدەی بینین (القصيدة البصرية) ناویان دەبرد کە بە دەربڕین دەردەبڕدرێت "(التلاوى، ٢٠٠٦، ١٦- ١٩)ئەمەش شیعرێکە کە شێوازی پیت و دێڕەکانی لە شێوەی درەخت دارێژراوە



(شمری، ٢٠٢١، ٥٣٠)

سەبارەت بە شیعری ئەندازیاری (الهندسة)یش دەوترێت" دروستکردنی وێنەی بینراوە بە وێنەی ئەندازیاری کە دیاردەیەکی کۆنە لەشیعری عەرەبیدا، کە لە شێوە گەلێکی ئەندازیاری نووسیندا دەبینرێت کە زیاتر لە مۆرەوە نزیکە تاوەکو دەقی شیعری، ئەم دیاردەیە لە شیعری عەرەبی هاوچەرخدا گەشەی کرد بە پێشکەوتنی فەزای شیعری، بۆیە قەسیدە یان هەندێک لەبەشەکانی بەشێوە گەلێکی ئەندازەیی جیاواز بەرجەستەکران وەکو بازنە و سێگۆشە و چوارگۆشە، مەبەستی شاعیریش لەبەکارهێنانی ئەم شێوانە لەشیعردا، داننانە بە ماددەیەکی بینراوی هونەری کەچێژی جوانی بەدیدێنێت" (شمری، ٢٠٢١، ٥٢٨)، ئەمەش شیعرێکی ئەندازەییە کە لە شێوەی سێگۆشە و

بازنە نەخشێنراوە،لەڕووی تۆپۆگرافییەوە وێنەیەکی جیاوازی هەیە بە بەراورد بەشیعری ستوونی عەرەبی



(omferas.com)

سەبارەت بە کاریگەری ئەدەبی ئەورووپیش بەسەر ئەدەبیاتی عەرەبییەوە دەوترێت" کە دەرکەوتنی کاریگەری شیعری ڕۆژئاوایی بە هەمان وێنە و مۆسیقا، کە پشتی بە گوزارشتی جگە لە زمان دەبەست بووە هۆی دەرکەوتنی سێ جۆرە شیعر:

١- شیعری پیتی (الشعر الحرفي):کە بنچینەی بۆ شاعیرانی دادایی دەگەڕێتەوە، وە لە شێوەی پیت و جۆراوجۆری پیتە لە وشە یان بڕگەیەکی کورتدا.

٢/ شیعری تێکچڕژاو (الشعر الصاخب): کەپێکهاتەکەی بە شێوەیەکە ژمارەکان وپیتەکان وێنەیەکی تێکەڵ و ئاڵۆز دروستدەکەن، نموونەی پێکهاتەی ئاڵۆزیش وەکو قصیدەی (حساسية الارقام)لای (مارونتي)،کە تیایدا زمان گەشەیکردووە، لە ڕووی شوێنی بینین و دەنگەوە .

٣- شیعری پەیکەری (الشعر المجسم) (التلاوی، ٢٠٠٦، ٢٢-٢٨)،

سەرباری ئەوەش، ڕاستە کاریگەری ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو بۆ تەکاندانی بیری نوێ و درز بردنی یاسا کۆنینەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا " گۆڕانکاری سەدەیی نوێ و هەستکردنی شاعیران بۆ گرنگی ئەم گۆڕانکارییە نوێیە، لەسەر ئاستی شیعری عەرەبی (کە شێوەی شیعر لەسەر شێوازی کۆن بووە شوێنەوار(تراث)ێکی جوان)، چونکە نەیتوانی داواکارییەکانی سەردەم پڕکاتەوە، بۆیە ئەم شێوازە نوێیەی ژیان و بۆچوونەکان و ڕەفتارەکان جێگەی گرتەوە، وەپێویستییان بە گۆڕانی سەرتاسەری بوو لەپێشکەوتن و لە جۆری ڕەگەزەکانی شیعر(ڕیتمی دەروون، وشە(النسق الکلام، وێنەی کێش و عرووز لەدەقی شیعری)، کە بەهۆی ئەمانە ڕووخساری نوێ لەشیعردا دەرکەوت، کە بووە هۆی گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە و بابەت و بنەماکانی شیعری عەرەبی، لەگەڵ دەرکەوتنی ژمارەیەک شاعیر لەوانە(احمد شوقي) و(خلیل مطران )پاشان دەرکەتنی چەند جوڵانەوەیەکی شیعری نوێ وەکو (کۆمەڵەی دیوان) و (جوڵانەوەی ئاپۆلۆ)و (شاعیرانی ڕۆمانسی)، کە بوونە هۆی دەرکەوتنی پەخشانە شیعری ئازاد" (التلاوی، ٢٠٠٦، ٢٢٥)،بۆیە ئەم هەستکردنە بە گۆڕانکاری سەدەی نوێ و ئاشنا بوون بە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی بە ڕێگە و شێوازی جودا کە وای لە ئەدەب دۆستانکرد "جگە لە ڕۆچوون بەخوێندنەوەی ئەدیب و شاعیرەکانی ئینگلیزدا شاکارەکانی ئەڵمانی و ئیتالی و ئیسپانی و یۆنانیشیان لەبیر نەکردبوو،... وە پاشان بوژانەوەی شیعری ڕۆمانتیکی عەرەبی لەسەر دەستی (الشابی)و شاعیرەکانی تاراوگە ، وەک (جبران ) و (میخائیل نعیمة)و شاعیرەکانی کۆمەڵەی (ئەپۆلۆ)وەک (احمد زکی ابو شادي)و (علي محمود طه) و( أبراهیم ناجي)"(خەلیل،٢٠١٧، ٦٥)بووە دەرگا گەلێکی دیکە بۆ هاتنە ئارای بیری نوێ و دەربازبوون لە شیعری کۆن، وە هۆکاریی گۆڕانکاری گەورەبوون لە فەزای شوێن و چوارچێوەی دەق و مەودای سپێتی و ڕەشییەتی لە بازنەی داڕشتنی دەقدا.

**-مێژووی تۆپۆگرافیایی شیعری کوردی:**

دەرکەوتنی دیاردەی گۆڕانی جوگرافیایی دەق شیعر و تارادەیەک ناسینی چەمک و زاراوەکەی لە ئەدەبی کوردیدا، گرێدراوی چەند هەنگاوێکن ئەوانیش یەکەمیان هاتنی چاپخانە لە ساڵی(١٨٩٨)، واتە دەرکەوتنی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی، هەروەها لەو ڕوانگەشەوە کاریگەری ئەدەبیاتی تورکی بە پلەی یەکەم دواتر ناڕاستەوخۆ و پاشان ڕاستەوخۆ هزری ڕۆژئاوای لەلای شاعیران، کە گرنگترین هۆکارەکان بوون بۆ چرۆی دەرکەوتنی هزری نوێ دواتر گۆڕانی ناوەڕۆک پاشان ڕووخساری شیعر، لەپاڵ ئەمانەشدا بێگومان لەسەدەی بیستەمدا گۆڕانی گوزەرانی ژیانی میللەتی کورد بەهۆی ئەو بارودۆخە ڕامیارییە ئاڵۆزەی کە کەشێکی نوێی سازدابوو" کارێکی گەورەی کردە سەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و بوو بە هۆی دروستبوونی ناوەڕۆکێکی تازە، ئەو ناوەڕۆکە تازەیەش پێویستی بە ئەدەبێکی نوێ بوو بۆ ئەوەی دەربڕێ، بە کۆمەڵانی خەڵکی ڕابگەیەنرێت، بۆیە دەبینین لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا کێشەیەکی بەهێز لە نێوان شیعری کۆن و شیعری نوێ دروستبوو"(سابیر، ٢٠٠٦، ٢١٤) بێگومان ئەمەش لە ئاکامی هەوڵی شاعیرانە، بۆ نوێکردنەوەی شیعری کۆن ، کە لە سەرەتادا لە ڕێگەی دەربڕینی ناوەڕۆکێکی تازەوە بووە، دیارە ئەم کارەشیان هەروا لە خۆوە نەبووە ، بەڵکو دەرهاویشتەی کۆمەڵێک هۆکار بووە لەوانە گۆڕانکاری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بەڕووی نەتەوەکانی دراوسێی، کە هەر لەڕێگای ئەو کاریگەرییانە دواتر بەڕووی قۆناغی چاپ و تۆمارکردنیشدا دەرگای واڵاکرد، ئەمە جگە لەوەی ئەم سیمایەی شیعریش بۆ خۆی پێکهاتە و بونیادەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی سەرجەم پێکهاتەکانی شیعر لەوانە (کێش، سەروا، قاڵبی شیعری،..هتد)، کەواتە گۆڕانی تۆپۆگرافیا

هاوشێوەی ئەدەبیاتی جیهانی، لە ئەدەبیاتی کوردیشدا یەکێکە لە سیما دیارەکانی شیعری 'نویێ،کە بێگومان وەکو وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵات نەتەوەی کوردیش دەرگای بەڕووی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانەی جیهان کردەوە و ئاشنای ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی بووە، لەو ڕووەشەوە ئاماژە بۆ ڕۆڵی شاعیر( عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری)دەکرێت کە دەستی هەبووە لە درزی چەقبەستووی قاڵبی شیعری کۆن و دەرکەوتنی سەرەتای سیمای شیعری نوێ و بە تایبەت گۆڕانی تۆپۆگرافیایی شیعر ، چونکە لەو ڕوانگەیەوە دەکرێت بە یەکەم شاعیر هاوچەرخی کورد دابنرێت چەند سیمایەکی شیعری نوێ بۆ یەکەم جار لە شیعرەکانیدا بەکاردەهێنێ لەوانە " بەکارهێنانی کێشی پەنجە لەلایەک ، لەلایەکی دیکەشدا جۆراوجۆرێتی کێش لەلای ئەم شاعیرە، لە سەرووی هەموشیانەوە داهێنانی سەروای تازە؛ سەرەتایەکی دڵخۆشکەر بووە (بە گوێرەی ساڵی ١٩١٩)لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا. لە ئەنجامی ئەم تێکشکانە جۆراو جۆرانە و لە ئەنجامی ئەم وردە لادانە شیعرییانەی هەکاری، دەبینین، تۆپۆگرافیای شیعر لای هەکاری گۆڕانی بەسەردا دێت. دابەشبوونی پانتاییە ڕەشەکان بەسەر لاپەڕەی سپیدا، لای هەکاری جیاوازە لەگەڵ ئەوانی کلاسیک .تاقیکردنەوەی فۆرم و تەکنیکی تازەی شیعری، دیاردەیەکی دیکەی تازەگەرییە لای هەکاری. شیعری چیرۆک ئامێز ،یان ئاخنینی چیرۆک لەناو شیعردا، هەروەها بەکارهێنانی دیالۆگ، قسەکردن لە زمانی سێوێکەوە یان قسەکردن لەگەڵ بوولبول، چەند دیاردەیەکی نەوژەن و تازەن لە شیعرەکانی هەکاری دا، کە هەموو ئەمانەش پێش گۆران ئەنجام دراون" (پیرباڵ، ٢٠٢٠، ٢٠٢)، کەواتە دەکرێت هەکاری وەکو شاعیرێکی هاوچەرخی کورد هەژمار بکرێت کە بووەتە هۆی گۆڕانی ڕووبەری لاپەڕی شیعری کوردی؛ ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کێشی پەنجەی خۆماڵی کوردی و سەروای تازە و دەست بردن بۆ زۆرسیمای تازەی شیعری لەوانە ئاوێزانکردنی ڕەگەزەکانی دوو هونەر کەچیرۆک و شیعرە، ئەمە جگەلە گۆڕانکارییەکی گەورە لە فەزای فۆرم بە بەکارهێنانی ناونیشان بۆ کۆمەڵە شیعرێکی؛ وەک دەبینین" نووسەر لە تەمەنی (٢٨)ساڵیدا نامیلکەیەکی شیعری بە ناونیشانی (گازیا وەلات)لە ئەستەنبووڵ لەساڵی (١٩١٩)بڵاوکردووەتەوە، کە لەژێر ناونیشانەکەیدا نووسراوە(مەنزووم بەر هەڤۆکا هەڵبەستێن کوردی)"(پیرباڵ،٢٠٠٢، ٢٥) ،بەم تەرزە دەکرێ بڵێین (ع.ڕ.هەکاری) یەکەم شاعیری کوردە هاوشێوەی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوای مامەڵەی لەگەڵ شیعردا کردووە ئەویش بەدانانی ناونیشان بۆ ئەو نامیلکەیەی ، کە پێشتر ئەو دیاردەیە لەشیعری کۆندا لای هیچ شاعیرێک بەرچاو نەکەوتووە، بۆیە بەو کارەی دەکرێ ببێتە یەکەم شاعیر کە گۆڕانکاری کردبێت لە چوارچێوەی جوگرافیایی دەقی شیعری کوردیدا، لەم ڕووەوە بە پێشەنگی نوێبوونەوە دادەنرێت کە پێش بە (گۆران)یش دەکەوێت کە زۆربەی لێکۆڵەران بە ترۆپکی نوێبوونەوەی شیعری کوردی هەژماری دەکەن.

پاشان چەند شاعیرێکی گەنج لە پارچەکانی تری کوردستان دەردەکەون، کە دەبنە ناوی ناسراو لەلایەن خەڵکیەوە، کە هەنگاوی دیاریان هاویشتووە لە بازنەی نوێکردنەوەی شیعردا، ئەوانیش" قەدری جان و د.کامەران بەدرخان)لەباشوری بچوکی وڵات و (شام)"(دەوڵەت، ٢٠٠٦، ١٤١)،هەروەها لە کوردستانی باشوریش سەبارەت بە سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردی (شێخ نوری شێخ ساڵح ، گۆران، ڕەشید نەجیب ) بە دامەزرێنەر لە قەڵەم دەدرێن، لەم بارەیەوە (گۆران)ی شاعیر دەڵێت:" نوسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەت شێخ نوری و ڕەشید نەجیب و من کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی متأسیر بووین پێکەوە دەمان نوسی، بەڵام تەنها (شێخ نوری) شیعرەکانی بڵاو دەکردەوە ، و من بڵاوم نەدەکردەوە و ئەو لەو بارەیەوە نیشاطی دەردەکەوت و ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شیعری تازەی تیادا پەیدا ببو کە پێیان دەوترا( أدبای فەجری ئاتی ) لەوانە تۆفیق فیکرەت و جەلال ساهیر بون وە ئەدیبێکی تری تورک کە عبدالحق حامیدە ئەگەرچی لەم کۆمەڵە نەبو بەڵام دیسان پێی متأسیر بوین ، کەوابێ هەموومان دەمانڕوانیە یەک کڵاوڕۆژنە ، بەڵام دەتوانرێ بەشێخ نوری بوترێ سەرۆک..."(کاکەی فەلاح،١٩٨٠، ٢٦).

لێرەوە لەسەر زاری (گۆران)ی شاعیر خۆیەوە سەرەتای دەرکەوتنی شیعری نوێمان بۆ ڕووندەکرێتەوە، بەڵام دواتر گۆران دەچێتە ڕیزی یەکەمی نوێکردنەوەی شیعرەوە، چونکە گۆڕانکاری گەورەی کردووە لە بەکارهێنانی کێشدا و لەم ڕووەوە دەڵێت:" شیعرە تازەکان، بە وەزنی پەنجە –هیجا- هەڵبەستراون کە هەرچەندە شیعر دۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانە هاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە و لەگەڵ خەسائسی زمانەکەمان چاتر ڕێک ئەکەوێ، بەپێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما ، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بە تەواوی–لام وایە بۆ ئێجگاری– بەرەڵلا کرد"(گۆران ، ١٣٨٩، ٤٠).

کەواتا لێرەدا گۆران خۆی دانبە وازهێنانی لە کێشی عەرووزدا دەنێ، لەو ڕووەشەوە (کاکەی فەلاح) ئاماژە بە سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری گۆران دەدات دەڵێت:" شیعری (جلۆەی شانۆ)ی گۆران چ بە ناونیشان و پێشکەشی و چ بەوێنە و وەسف و دەربڕێن و وشەی کوردی و کێش و مۆسیقا گەشترین بەرهەمی وێنەی بەرهەمی ئەو هەنگاوە گۆڕینەیە"(کاکەی فەلاح، ١٩٨٠، ٢٩)کە لێرەشدا مەبەستی لە گۆڕین سەرەتای شکانی کێشی کۆن و ئەو گۆڕانەیە کە خۆی ئاماژەی پێداوە، بەم چەشنە گۆران دەبێتە نموونەی دیار بۆ شاعیرانی دوای خۆی و دوای گۆرانیش چەندین کاروانی شاعیران دەردەکەون.

بەم چەشنەش تاساڵی (١٩٢٩)و بەتایبەت دوای دەرکەوتنی ژانری نوێ لە ئەدەبی کوردیدا کە سەرهەڵدانی شیعری ئازاد (شیعری سەربەست )ەلە ساڵانی ١٩٣٠- ١٩٤٠دا هەر لەم ڕوانگەشەوە (پیرباڵ) ئاماژە بە سەرەتای ئەم ژانرە دەکات کە

لەساڵی ١٩٣٢ بەملاوە چەندین ئەزموون بەرچاودەکەون لە گۆڤاری (هاوار)دا بۆ نووسینی شعری ئازاد و بەکارهێنانی کێشی ئازاد لەوانە(بۆزان شاهین ١٩٣٢)،هەروەها کامەران بەدرخان، دواتر پیرەمێرد و زۆر وردەکاری سەبارەت بەو جۆرە شیعرانە کە بێگومان لەم قۆناغەدا تۆپۆگرافیایی شیعری کوردی هەنگاوی گەورەی هاویشتووە و بووە بە یەکێک لە دیارترین سیماکانی شیعر.

پاشان "لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە کێشی عەرووزی لە شیعری کوردیدا نامێنێ و کێشی برگەی جێگەی دەگرێتەوە ، بەڵام ئەویش بە تێکشکاوی"(ئیبراهیم، ٢٠١٢، ١٠٩)، مامەڵەکردنیش لەگەڵ کێشی برگەی  بە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی چەند گرووپێک لەوانە ڕوانگە (١٩٧٠)، کفری (١٩٧١) لەو نێوەندەشدا دەرکەوتنی (پەخشانە شیعر)ئیدی ئازادی لە بەکارهێنانی کلێشە کەوتە دەستی  شاعیرەوە؛ هەروەها شاعیر خۆی بووەتە ناوەندی گۆڕان و لادان لە شیعردا، لە ڕێگەی دەرکەوتنی ژانری دیکە و سەرهەڵدانی شیعری نوێگەری و هاوچەرخ کە هەڵگری زادەی هاوچەرخێتی ئەدەبی کوردین بەهۆی تەواوی ئەو یاخی بوون و لادانانەی کە لەسەرجەم فۆرم و ناوەرۆک هێنایانە کایەوە، تۆپۆگرافیاش لەگەڵ ئەم دەرکەوتن و گەشەکردنانە هەنگاوی زیاتری هاویشتووە، هەرچەندە تا ئەو ماوەیەش کێش بوونی هەبووە، بەڵام کێشی پەنجەی بووە، لەو نێوەندەدا بەرەو دەرکەوتنی شیعری کلێشەی یان شیعری وێنەی نزیک بوەتەوە بەتایبەت  لەو نێوەندەشدا دەرکەوتنی (پەخشانە شیعر) ئیدی ئازادی سەرتاسەری کەوتە دەستی شاعیرەوە و خۆی بووە ناوەندی گۆڕان و لادان لە شیعردا و دواتر، هەوڵگەلێکی زۆر درواو بۆ وازهێنانی تەواوەتی کە بەکارهێنانی کێش بەتایبەت  لە ساڵانی هەشتایەکاندا و  دەرکەوتنی گرووپی پێشڕەوان(تەلیعیەکان)ی هەولێر بەتەواوی  فۆرم و قاڵب بووە ناوەندی شیعر و تۆپۆگرفیا بووە هونەر، دواتر چەندین گرووپی دیکە دەرکەوتن لەوانە (وێران)دواتریش، گرووپی (هەروهەر)کە هەریەکەیان بوونە دیدێکی نوێ بۆ چەسپاندنی بیری هاوچەرخێتی لە ئەدەبی کوردیماندا کە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامیان هەیە.

### تەوەری دووەم: جۆرەکانی تۆپۆگرافیایی شیعری کوردی:

سەبارەت بە جۆرەکانی تۆپۆگرافیایی شیعری کوردی، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەو (ڕێباز)و قۆناغ و سەردەمانەی کە شیعریی پێدا تێپەڕیوە، چونکە سەرجەم تایبەتمەندی و ڕەگەز و رووخسارە بنچینەییەکانی شیعرە، کە سەرچاوەی داڕشتن و شێوە وەرگرتنی شیعرن لە هەر قۆناغێکی شیعریدا،  لەو ڕوانگەشەوە کە سەرەتای قۆناغەکانی مێژووی شیعری کوردی لە شیعری کۆن(کلاسیک) دەست پێدەکات و تاوەکو  شیعری نوێ و دواتر شیعری هاوچەرخ و پاش هاوچەرخێتیش دەگوزەرێنێت .

لەم قۆناغانەدا چەندین شێوە  شێواز و جیاواز لە تایبەتمەندی شیعری لەوانە: کێش، سەروا، کلێشە و قاڵبی شیعری و تۆپۆگرافیا دێتە ئاراوە، لەم ڕووەوە دیارترین ئەو جۆرانەی تۆپۆگرافیا لەو قۆناغانەدا دەخەینەڕوو، لەگەڵ ناوانی جۆرەکانی لەسەر بنچینەی ئەو شێوە و وێنەیەی شیعرەکە لەسەر رووی لاپەڕە نمایشی دەکات.

### یەکەم: تۆپۆگرافیایی شێوە ستوونی(عەموودی):

ئەم شێوە داڕشتنەی تۆپۆگرافیا(ستوونی)ناسراوترین شێوە و جۆرە کە لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەتاکانی شیعری کۆن و تا ڕادەیەک کۆنترین شێوەیە، چونکە بەشێکی زۆری شیعری فۆلکلۆری کوردیش کە کۆنترین ئەدەبی نەتەوەیمانە بەم شێوە داڕشتنە داڕێژراوەتەوە، واتە بەشێوەی ستوونێک یان بڵێین داڕشتنێکی هاوشێوەیی کە لە ئەنجامی ئەم بەدوای یەکداهاتنەی دێڕەکان یەک لە دوای یەک، نەقشی ستوونێکی هاوشێوەیان نەخشاندووە، لەم ڕووەشەوە دەوترێت" لاپەڕەی نووسینی شیعری کوردی، لە شیعری کلاسیکی، بە شێوەی ستوونی هەموو ڕووبەری لاپەڕەی دادەگرت، واتە ڕەشێتی زیاتر بوو لە سپێتی"(ئەمین، ٢٠٠٨، ل١٩١)، واتا ئەم جۆرە تۆپۆگرافیایە لە سەر ڕووبەری لاپەڕە بە شێوەیەک داڕێژراوە کە ڕێژەی داگیرکردنی ڕەشێتی ئەو بەیت و دێڕ و نووسینانە دووبەش و زیاتری چوارچێوەی سپیەتی لاپەڕە داگیر دەکات، ئەم چەشنەی تۆپۆگرافیاش لای تەواوی شاعیرانی کلاسیک و هەروەها سەرەتای شیعریی بەشێکی زۆری شاعیرانی شیعری نوێش کە بە کلاسیک دەستیان بە نووسین کردووە بەکارهێنراوە


(٨)
ئەی دلا کەر تە دڤێتن
بیی دائم مەسروور(١)

ئەی دلا گەر تە دڤێتن ببی دائم مەسروور
د طەرەبخانەێ دونیا قەخوە ئاقا ئەنگوور
بێ ئەبە(٢) عەقلەتێ عەوغاێ جەهانێ بدرین
ژ مەقامێ کو ب هەش تێ ژ صەدایێ طەنبوور
زمزما زەمزەمەیا راهێ حوسەینی ژ حجاز
قەخوونت کەعبەیێ(٣) دل تا بتە (بیت المعمور)
پەردەێ ظولمەتێ عشقا ل جەهانێ(٤) بدرین
ژ ئەظەرگاهێ جەمالێ تو حجابێ بکە دوور
مەنظەرێ دیدەێ جانێ تە مونەووەر ئەبتن
ئەصلێ(٥) (ما زاغ) ئەکێشی تو ژ خال و خەطێ هوور
گونەهان گەر ئەبویان لەذذەت و ذەوقەک حاشا
فاعل ئاثم(٦) ئەدبوو، تارک و تائب مەئجوور
مەی و مەعشووق و هەوەسبازی و دونیایێ زوهوور
ئەبوو واتا ئەدبوو ئەسمەکێ (اللە)ی غەفوور(٧)
من گونەه تێ ب گوناهان کو د ئیڤ باغێ جەهان
ئەمەرێ خوەشتر ئەڤن، بوون ب حەرامی مەشهوور
هنکی دەورێ قەلەکێ ساغەرێ مە دەور(٨) دکەت
مەه و ساڵان دگرت هەروە ژ عومرێ مە قوصوور

(خانی، ٢٠١٦، ٢٤)

دووەم: تۆپۆگرافیایی شێوە ستوونی تێکشکێنراو، (نیوە پێ - نصف التفعیله)

ئەو جۆرەیە کەلە ئەنجامی تێکەڵکردنی دوو جۆر کێش دروست دەبێت، ئەم شێوەیەش لە سەرەتای هەنگاوەکانی نوێکردنەوەی شیعردا شاعیران بەکاریان هێناوە: بەم شێوەیە:

ئەی خاتیراتی عومری گوزەشتەم، دەخیلی تۆم!

خنکاوی بەحری دووری نەکەی عەشقی ڕەنجەڕۆم؛

جیلوەت لە چاوم ون نەبێ

هەرگیز لای تۆ نوستن نەبێ!

چەشنی ئاوێنە

دائیم بنوێنە:

(گۆران، ١٣٨٩، ٤٦)

**سێیەم: تۆپۆگرافیایی شێوە سەربەست:**

هەروەکو لە ناوەکەیدا دیارە، ئەم جۆرە لە تۆپۆگرافیا تاڕادەیەک سەربەستی لە شێوەیی داگیرکردنی ڕەشێتی و سپێتی و کورتی و درێژی دێڕ فەراهەم کردووە، ئەم شێوازە لەڕووبەری شیعریش لە قۆناغی بەتەواوی وازهێنان و سەربەست بوون لە کێشی عەرووز و لە سەروای یەکگرتوو و چۆنیەتی ئازادی بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی و ئاوێزانکردنیان، بووە هۆی نەخشاندنی ڕووبەرێکی نوێ لەسەر چوارچێوەی لاپەڕە:

یار، یار!

شیرین لەنجە و لار!

چاوم ڕوا،

سەبرم سوا،

هێزم لێ برا،

هەر نەهاتی، دەرنەکەوتی،

بۆچی توخوا؟

یار، یار، شیرین لەنجەو لار!

( گۆران، ١٣٨٩، ١٦١)

**چوارەم: شێوەی تۆپۆگرافیایی خودی( تاکەکەسی):**

لەم جۆرەشدا شاعیر بە خواست و ویستی خۆی تۆپۆگرافیایی شیعرەکەی لەسەر ڕووی لاپەڕە نمایش دەکات، سەرجەم ئەو شێوە جۆراو جۆرانە دەگرێتەوە، کە لە دوای هەنگاونانی نوێکردنەوە لەلایەن شاعیرانی پاش قۆناغی شیعری گۆران و دەرکەوتنی سەرەتاکانی ئازادی لە نووسینی شیعردا تاوەکو قۆناغی شیعری هاوچەرخ و پاش هاوچەرخێتیش، ئەم جۆرە تۆپۆگرافیایەش بەپێی ئەو شێوە و وێنە و ڕووبەرەی نەخشێنراوە لەسەر لاپەڕە ناوی لێندەنرێت ،لەوانە :

**أ-تۆپۆگرافیایی شێوە ئەندازیاری :**

ئەم شێوە تۆپۆگرافیایەش بەشێوەیەکە، پارچەیەکی شیعرەکە یان تەواوی شیعرەکە لە شێوەی وێنەیەکی ئەندازیاریدا نمایش دەکرێت، وەکو شێوەی (سێگۆشە، چوارگۆشە، بازنە،لاتەریب،...هتد) بۆنموونە شێوەی ڕووبەری ئەم شیعرە لە شێوەی سێگۆشەیەکدا دەردەکەوێت لەسەر سپیایەتی لاپەڕە.

نەهاتی تابەجووت برۆین

نەهاتی تابەجووت

نەهاتی تا.

نەهاتی .

نە

(بێکەس، ٢٠٠٦، ٤٧).

**ب- تۆپۆگرافیایی شێوەی پەیژەیی(پلیکانەیی):**

بریتییە لەو ڕووبەرەیی کە شاعیر لەسەر لاپەڕە لە شێوەی پەیژەیەکدا دەینەخشێنێت، یان لەم بارەیەوە(حسێن غازی کاکەامین) دەڵێت" لەم شێوە شیعرەدا، سەرەتا چەند دێڕێک بەشێوەی ئاسایی خۆی دەنوسرێت، ئینجا لە شێوەی قادرمە بەرەو خوارەوە دێت"(کاکە امین، ٢٠٠٩، ل ٦٢)، ئەم جۆرە تۆپۆگرافیایە شێوەیەکی باوە لەلای شاعیرانی هاوچەرخ و بەشێکی زۆریان شیعریان پێ دارشتووە.

(پەشێو) لە ناوەڕاستی ڕووبەری شیعرێکیدا بەم شێوە تۆپۆگرافیاکەی دارشتووە : دەڵێت"

ئاخ چییان لێ کرد:

تەرەسی عۆجە و

گای بنەی خۆیی و

گەوادی دنیا.

(پەشێو، ؟ ، ١٥١)

**ج- تۆپۆگرافیایی شێوە کەرتکردن (هەڵوەشاندنەوە):**

ئەم جۆرەش بریتییەلە هەڵوەشانەوە و لە یەکتر ترازانی بەشەکانی ڕستەک یاخود برگەکانی وشەیەک، ، واتا" شاعیر شێوەی وشە لەسەر لاپەڕە دەگۆڕێ، تێکەڵاو کردن و بەهەڵوەشاندنەوە یاری بە وشە دەکات"( امین، ٢٠٠٩، ل

٦٢)لەم شێوە ڕووبەری لاپەڕەییەش لای بەشێکی زۆری شاعیرانی هاوچەرخ بەرچاو دەکەوێ، بۆنموونە:

هەمان لایلایەم بۆ بڵێرەوە

خەوم ز .. ڕ .. ا .. وە

خە .. و .. م .. ز .. ڕ .. ا .. و

خە .. و .. م .. ز

خە .. و .. م

خ .. ه .. و

خ .. ه

خ ..

(ڕەفعەت، ٢٠٠٤، ١٣٥)

**د- تۆپۆگرافیایی شێوە قوچەکی:**

مەبەست لەم جۆرەش ئەوەیە، ڕووبەری داگیرکراوی ئەو پیت و وشە و دێڕانەی دەقی شیعرەکە لەسەر ڕووی لاپەڕە دەنوێنن، لە شێوەی قوچەکێک دەردەکەون، (شێرکۆ بێکەس) لە شیعری (هەڵگورد "پ .م") لە دوا کۆپلەکانیدا ئەم شێوە تۆپۆگرافیایەی لە ڕێگای دارشتنی شیعرەکەیەوە پیشان دەدات.

بەفر ئەبارێ

ریز .. ریز .. ریز .. ریز

بەسەر لەشی ساردوو سڕی


ئەم دڵدارە تەنیایەدا

بەفر ئەبارێ.

(بێکەس، ١٩٨٠، ٣٣٥)

**ی- تۆپۆگرافیایی وێنەی:**


شێوەیەکی دیکەی تۆپۆگرافیایە، کە"شاعیر لە ڕێگەی وشە وێنەیەک دەکێشێ، شیعرەکە لەوانەیە وێنەی دارێک، یان شوێنێک یان ژمارەیەک بێت، واتا زەین و هەستی بینین بەیەکەوە گرێ دەدات، چونکە زۆربەی جار ئەو وێنەی شاعیر کێشاویەتی لەگەڵ واتا و ئەو دیاردە و بابەتەی باسی دەکات هەمان شتە"(ئەحمەد، ٢٠١٣، ل ٢١٨) کەواتە ئەم جۆرە شیعرە ئاوێزانکردنی ناوەرۆک و ڕووخسارە بۆ یەک مەبەستی گەیاندن وپیشاندان بۆیە هەر ئەم تۆپۆگرافیایە بە (شیعری بینراو یان وێنەیی ) ناو دەبرێت. بۆنموونە (شێرکۆ بێکەس) لەشیعرێکدا کە مانا و ناوەرۆکەکەی باسی کلیل دەکات و وێنەی تۆپۆگرافیایی شیعرەکەشی لەشێوەی کلیلێکدا لەسەر جوگرافیایی لاپەڕەکە دارشتووە.


به كليلى . .
جومگەی فەرهادێکی کوژراو
لیٚ ی نیشتوون‌و . . ئەیکەنەوە . .
فڕان
فڕان
فڕان
فڕان . .

(بێکەس، ١٩٨٠، ٤٦)

**و- تۆپۆگرافیایی شێوە ژمارەیی و هاوکێشەی بیرکاری :**

ئەمەش ئەو جۆرە تۆپۆگرافیایە کە شاعیران لە بری بەکارهێنانی پیتەکان هەندێ جێگرەوەی دیکەی وەکو (ژمارە، هێڵ، هاوکێشەی بیرکاری) لەناو چوارچێوەی تۆپۆگرافیایی شیعرەکەدا بەکاردەهێنن،


پەرگان

(پیرباڵ، ٢٠٠٧، ١٦٤)

جگە لەم جۆر و شێوە جیاجیایانەی تۆپۆگرافیا کە خستمانە ڕوو، چەندین جۆر لە تۆپۆگرافیایی تایبەت و خودی و جیاواز و سەرنجراکێش لەلای شاعیران بەرچاو دەکەوێت، کە دەکرێ هەر یەکێکیان لە چوارچێوەی وێنە و ڕووبەری داگیراویان لەسەر سپیایەتی لاپەڕە ناوێکی لێ بنرێت، کە گوزارشت لەو جۆر و شێوە نواندنەی تۆپۆگرافیاکەیان دەکەن.

## ئەنجام و ڕاسپاردە

١- تۆپۆگرافیا یەکێکە لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی ڕووخساری شیعر، کەلە ئەنجامی گۆڕانکاری لە ڕەگەزەکانی (کێش، قاڵبی شیعر،...)گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

٢- تۆپۆگرافیایی شیعری کوردی خاوەنی چەندین جۆری جیاوازە لە تۆپۆگرافیا هاوشێوەی ئەدەبیاتی ئەورووپی و عەرەبی.

٣- هەر قۆناغێکی شیعر و هەنگاوەکانی نوێکردنەوە خاوەنی جۆرە تۆپۆگرافیایەکی تایبەتن، کەدەکرێ وەکو یەکێک لە دیارترین سیماکانی شیعری ئەو قۆناغە هەژمار بکرێت.

٤- زۆربەی جۆرەکانی تۆپۆگرافیا وەکو ( ستوونی، نیوە پێ، ئەندازیاری، پێپلیکەی، هەڵوەشانەوە، قوچەکی،...هتد) لە شیعری کوردیدا دەرکەوتوون، بەڵام تۆپۆگرافیایی (پێپلیکەی و قوچەکی)لە هەموویان زیاتر و لەلای زۆربەی شاعیرانی هاوچەرخ بەتایبەت دەرکەوتووە.

---

## سەرچاوەکان

**یەکەم/سەرچاوە بەزمانی کوردی:**

**أ/ کتێب:**

1- (ئیبراهیم)محمەد عەبدولکەریم: (٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، چاپی یەکەم, چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٢- (ئەحمەد)صافیە محەمەد: (٢٠١٣)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣- (ئیسماعیل) سەباح: (٢٠٠٥)، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا،بەبێ ناوی چاپخانە. کەرکوک.

٤- (ئەمین)حوسێن غازی کاک: (٢٠٠٨)، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تاکۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥- (بێکەس)شێرکۆ: (١٩٨٠)، دوو سروودی کێوی، هەواڵنامەی کتێب. بغداد.

٦- (پیرباڵ)فەرهاد: ئۆگەستی(٢٠٠٧)، سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانم، چاپخانەی پاک، هەولێر.

٧- (پیرباڵ)فەرهاد: (٢٠٢٠)، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، چاپخانەیا وەزارەتاپەروەردەیێ-هەولێر، دهۆک.

٨- (پیرباڵ)فەرهاد: (٢٠٢١)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی چوارەم، چاپخانەی تاران.

٩- (پیرباڵ) فەرهاد: (٢٠٢١)، مێژووی شیعری کوردی، چاپخانەی مایا، سلێمانی.

١٠- (حوسێن)هیمداد و(نازم)سەنگەر: (٢٠١٨)، ڕێبازە ئەدەبیەکان، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر، هەولێر.

11- (خلیل)زانا: (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان(١٩٩٥-٢٠٢٠)،چاپخانەی چوارچرا ، بەبێ شوێنی چاپ..

١٢ (خەلیل) ئیبراهیم مەحمود، و: محمد تاتانی: (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە(لاسایکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە گەرای،و چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.

13- (دەوڵەت)مەریوانی عومەر: (٢٠٠٦)، قەدری جان ژیان و بەرهەم (١٩١١- ١٩٧٢)، چاپی یەکەم، سلێمانی.

14- (سابیر)پەرێز: (٢٠٠٦)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر.

15- (غەفور)عەبدوڵلا: (٢٠٠٥)، جوگرافیایی کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزاراتی پەروەردە، هەولێر.

١٦- (کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ) دانانی: (١٩٩٨)، جیۆگرافیایی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر.

١٧-(محمد)هاورێ یاسین: (٢٠١٤)، لێکۆڵینەوە لە جوگرافیایی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٨- (مەنتک)حەمە: (٢٠١٨)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.

**دیوانی شاعیران:**

١٩- (بێکەس)شێرکۆ: (٢٠٠٦)،(دیوانی شێرکۆ بێکەس) بەرگی دووەم ١٩٧٤ - ١٩٨٢، کوردستان، بەبێ شوێنی چاپ.

٢٠- (پەشێو) عەبدوڵلا: (١٩٨٠- ١٩٨٨)، دیوانی پەشێو(بروسکەچاندن)، نووسینی کتێبەکان، بەبێ شوێنی چاپ .

٢١- (خانی): (٢٠١٦)، دیوانا ئەحمەدێ خانی، چاپا ئێکێ، چاپخانە (Metris)-ترکیا، دهۆک.

٢٢- (ڕەفعەت) نەوزاد: (٢٠٠٤)، دیوانی پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٢٣- (گۆران)عەبدوڵلا: (١٣٨٩ک)، دیوانی گۆران، چاپی چوارەم، چاپخانەی دالاهۆ، تهران.

**ب/ نامە ئەکادیمییەکان:**

٢٤- (ئەمین)حوسێن غازی کاک: (٢٠٠٩)، ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشوری کوردستان لە سالانی (١٩٨٠- ١٩٩١)دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان- زانکۆی کۆیە.

٢٥- (شنگالی)عبدالرحمن عبدالغفور حسن: (٢٠٠٦)، ئەزموونی نوێخوازی لای شاعیرانی لڤینی "هەروهەر"،نامەی ماستەر، زانکۆی دهۆک.

٢٦- (عەبدولرەحمان)ئەرشەد حیتۆ: (٢٠١٢)، دادایزم د هۆزانا نوێخوازا کوردیدا(١٩٨٥-٢٠٠٣)، نامەی ماستەر، کۆلێژا ئادابێ - زانکۆیا دهۆکێ.

**ج/ گۆڤار و ڕۆژنامە:**

٢٧- (دەشتی)عوسمان: پاییز و زمستان(١٣٩٧ک)، ئەدگارەکانی تەکنیکی هونەری لە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشادا، پژوهشنامەی ئەدبیات کردی، سال چهارم، شمارە (٦).

٢٨- (گەنەبۆی)ڕەحیم: ئاداری(٢٠٠٤)، شیعری وێنەیی، گۆڤاری شین، ژمارە (١).

٢٩-(مەحمود)ئیبراهیم عبدالرحمان: ئایاری(٢٠١١)، تۆپۆگرافیایی شوێن لە ڕۆمانی(ئەڵوەن)ی (ئەحلام مەنسور)دا،مجلەی استاز، ژمارە (١٦٦).

**د/ چاوپێکەوتن:**

٣٠- (مراد)ئیبراهیم علی: (٢٠٢١)، چاوپێکەوتن، چوارشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٥/٥)،شوێن بەشی ئینگلیزی – زانکۆی گەرمیان، کاتژمێر: ١١:٠٠ ی سەر لەبەیانی.

**دووەم/ سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:**

**أ/ کتێب**

31- (التلاوي)محمد نجيب: (2006), القصيدةالتشكيلية في الشعر العربي, ط3, دار الفكرالحديث, الهيئة المصرية العامةالكتاب, مصر.

32- (سعدوني)هند: (2016), التشكيل المعماري في رواية" الأسود يليق بك جوان" لأحلام مستغانمي, المجلد العلوم الأنسانية, عدد 45, المجلد ب.
33- (شمرى)احلام: سبتمبر(2021)م, التشكيل البصري في القصيدة الجزائرية المعاصرة:الأبعاد والدلالات, مجلة القارئ للدراسات الأدبية و لنقدية والغوية, المجلد 04و العدد03 .
34- (الصباغ)د.رمضان: (2002): كانط و نقد الجميل, دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر, الأسكندرية.
35- (الصفراني)محمد: (بدون سنة): ضاهره التشكيل البصري في الشعر بين نضرية والتطبيق, المجلة العلمية الكليةالتربية, العدد الثالث.
36- (الطفيلي)د.حمد: (٢٠٠٢)، معجم المصطلحات الجغرافية، الطبعة الثانية،الؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع, بدون مكان للطبع.
37-طارق: ديسمبر(2017), علاقة الشعر بالتشكيل في القصيدة العربية المعاصرة, مجلة العلوم الأجتماعية,العدد 25.
38-(نبهان)يحيى محمد: (٢٠٠٨)، مصطلحات الجغرافيا الطبيعية و الفلكيةو السياسية، داريافا العلميه للنشر والتوزيع, بدون مكان للطبع.
39- (ياكوبسن)رومان (ت محمد الوالي و مبارك حنون): (1988), ط1, دارتوبقال للنشر, المغرب.
ب/ مجلة:
سێیەم/ سەرچاوەی ئەلکترۆنی
40-قاموس المعاني لكل رسم و معنى almaany.com
41- منتديات فرسان الثقافة omferas.com